خەڵکی ئازادیخواز کوردستان
حیزبە کورد و کوردستانیەکان، کۆڕ وکۆمەڵە کوردیەکان !
وێرای سڵاو و ڕێـز!

پاش جیایی بەشێک لە کادر و ئەندامانی کۆمەڵە لە "حیزبی کۆمۆنیستی ئیران" و سازمانی کوردستانی ئەو حیزبە لە ساڵی 2000 بە مەبەستی نوێکردنەوەی کۆمەڵە و گۆران و ڕیفۆرم لە سیاسەت و ستراتیژی کۆمەڵەدا، ئێمە، بەشێک لە کادر و ئەندامانی لەمێژینەی کۆمەڵە، بە هـەستێکی خەباتکارانەوە بە پێشوازی ساخکردنەوەی "کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" چووین. سەرەرای کار و هەڵسورانی بێوچان و خەسارێکی زۆری ماددی و مەعنەوی بە درێژای ئەو هەشت ساڵە ئەم جارەیش ڕەنج و زەحمەتی هاوڕێیانێکی دڵسۆز بوو بە قوربانی ریاکاری سیاسی و کورسی دەسەلاتی رابەرانی تینووی دەسەلات. دەرکەوت کە ساخکردنەوەی کۆمەڵە بە پێچەوانەی ئەو ئیدعایە بوو کە دەگوترا ""کۆمەڵە کراوەیە بۆ ڕیفۆرم و ئاڵۆگۆڕ"،

بەشێک لە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە لە پێناو ڕیفۆرم و چاکسازی لە "کۆمەڵە" دا، بە کورتیی، بریتی بوو لە:

1. بەندی یەک لە پێرەوی ناوخۆ بگۆڕدرێت، کوردستانیبوونی کۆمەڵە پرینسیپیی و ستراتیژیی بێت نەک تاکتیکی، 2. شەفافیەتمان لە هەڵوێستە سیاسیەکان و بەشی ماڵی و دارایدا هەبێت، 3. حیزبێکی جیددی سیاسیی بین و نیپۆتیزم و خزموخزمگەریی، تەوافقاتی نێو ئۆتاقی داخراو کۆتایی پێبێت، 4. دەستەڵاتی سیاسیی لەسەر ئاستی دەنگدان و هەڵبژاردن بێت. و دەستەلات دابەش بکرێت نەک قۆرخ و هتاد.

بە داخەوە هەموو هەوڵێکی سیاسیی دڵسۆزانە لە پێناو ئاڵوگۆر ڕووبەڕووی وەڵامی توندی پاوانخوازیی و بەپارێزیی رابەرایەتی بووەوە و بەم جورە وەکۆ پێویست لە خۆشەویستی و لێبوردوویی کادرۆئەندامان و پێشمەرگە فێداکارەکانی لە مێژینەی کۆمەڵە بۆ ساخکردنەوەی کۆمەڵە کەڵک وەر نەگیرا، بەڵکو بە پێچەوانە بۆ پاراستنی دەسەلاتی ژمارەیەکی فرە کەم لە رێگەی بەرتەسککردنەوەی بازنەی رابەری و هەروەها پووچەڵکردنەوەی هەموو پرینسیپێکی دەنگدان و هەڵبژاردن، کەشوهەوای وەلانان و دەرکردنی ئەو تێکۆشەرانی کە زۆربەیان لە سەفی پێشەوەی ڕەوتی ڕیفۆرم و چاکسازی بوون. زاڵ بوو. رابەریەتی کۆمەڵە بەداخەوە ئەمجارەیش نەیتوانی وەڵامدەرەوەی ئەو ئامانجانە بێت کە بە حەق کادر و ئەندامانی کۆمەڵە خەباتیان بۆ کرد.

ئاکامی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوییمان لە ژێر نێوی کۆمەڵەدا بە درێژایی چەندین دەهەی رابوردوو تا ئەمرۆ ئەوەی بە ئێمە سەلماند کە:

یەکەم: ئەوەی کە کۆمەڵە سەرەرای خەباتێکی لیبراوانە لە نێوی جوڵانەوەی رزگاری نەتەوەییدا نەیتوانی لەو جوڵانەوەیەدا جێگای شیاوی خۆی وەدەست بێنێت، لە نەبوونی ستراتێژیەکی نەتەوەیی و چینایەتیی بوو. بە بڕوای ئێمە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش هەڵەیەکی گەورە بوو لە مێژوی کۆمەڵەدا، خۆی هەر ئاکامی ئەو بێ بەرنامەیی و رارایە بوو لە خەباتێکی چڕوپڕی نەتەوایەتی و تێکەڵکردنی لە گەڵ خەباتی چینایەتیدا.
دووەم: بە هۆی نەبوونی پرنسیپگەلی حیزبێکی قانونمەند و خاوەن خەتی ڕوون و ئاشکرا، کۆمەڵە بە درێژی تەمەنی سیاسی خۆی چەندین جار بوو بە قوربانی سەرەرۆیی و پاوانخوازی رابەرانی، هەر بۆیە هەر کاتێک کورسی دەسەڵاتی تاقانەکان لە خەتەر کەوتووە، بە ئیرادەی "رابەران" کۆمەڵە دابەش بووە.
هەروەها سەرەرای حەول و تێکۆشانی جیددی دڵسۆزانە و شەففمان لە پێناو دارشتنی پلاتفۆرمێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و تەشکیلاتی بۆ "ڕەوتی ریفۆرم و چاکسازی" هەر لە سەرەتادا دەرکەوت ئەو دەسەڵاتپەرستی و خۆپەرستی و ناجیددیەتە سیاسیەی کە باڵی پاوانخواز دروستی کردبوو تازە تەئسیری خراپی خۆی دانابوو، و لە درێژخایاندا لە ناو زۆر هاورێدا بوو بە هۆی دروستکردنی خواستێک بۆ بەشکردنی دەسەڵات، نەک بۆ ریفۆرم و چاکسازییەک کە بکەوێتە بازنەی ئایدیۆلۆژیی و تیئۆریی و ستراتیژییەوە، لە ئاکامدا شەری بەرژەوەندی شەخسی گەیشتە ئاستێکی وا ناسیاسیی کە ئێمە بە ڕاستی ناچاربووین ئەوە هەڵبژێرین کە نەکەوینە داوێکی نوێیوە و درێژە بە باسێک نەدەین کە ئیتر لە باسدا نەماوە.
بەڕێزان: هاوکات کە سەری رێز و ئیحترام بۆ هاوسەنگەرانی گیانبەختکردوومان دادەنەوێنین و هەرگیزاوهەرگیز خەبات و تێکۆشانی ئەوانمان لە یاد ناچێت و بە شانازیەوە بەرز رای دەگرین، هەروەها ریز بۆ هەموو ئەوانە دادەنێین کە دڵسۆزانە و سەرراستانە هەر ئێستا لە نێو ریزەکانی "کۆمەڵەکاندا" خەبات دەکەن، وا لێرەدا رایدەگەیەنین کە **لە ئەمرۆ بەدواوە ئێمە لە دەرەوەی کۆمەڵەی شۆرشگێر بە هەموو باڵەکانیەوە** درێژە بە ڕێگای خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی خۆمان دەدین.
بە سپاسەوە هێرش عەلیزادە / ئەحمەد شەریفی / رەزا لۆتفی / کۆیستان داودی / مسعود فەریقی / لیلا محەمەدی / فریبرز فخاری / نۆگۆڵ مۆرادی / فەرزین خۆسرەوی (هۆرامی) / فەرهاد سەرهنگی /
2008/03/30